# Adagissimo

ئەم زاراوەیە لە گەڵ زاراوەی( ئەداگیۆ ) دا نزیکییەک هەیە لە نێوانیاندا
ئەم زاراوەیەش یەکێکە لەو زاراوانەی کە بۆ پیشاندانی ئاستی تیمپۆو
تیژڕەوی میلۆدی و ئاوازەکان کاری پێدەکرێت،ئەگەر بە ووردی بڕوانینە
زاراوەی (Adagissimo)دەبینین کە هەر زاراوەی(Adagio)یەو پاشگرێکی بۆ
زیادکراوە کە ئەویش پاشگری (Issimo)یە کە ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا
بەرامبەر بە ووشەی( فرە ) یا ( زۆر ) دێت بۆیە ئەگەر ئەم پاشگرە
بەهەر زاراوەیەکی دییەوە لکێنرا ، ئەوا ئاستی کاریگەری ئەو زاراوەیە فرە
تر دەکات لە ڕووی تیژڕەوییەوە ، لێرەدا ئەگەر زاراوەی (Adagio)لە زمانی
کوردیدابە واتای ( بەلەسەرخۆیی ) بێت ، زاراوەی(Adagissimo) بە
واتای( زۆر بەلەسەر خۆیی ) دێت واتا لە ژەنینی ئەو نۆتە موزیکییانەدا
کە هەڵگری ئەم زاراوەیەن ، تیژڕەوی و تیمپۆیەکی زۆر لەسەرخۆو هێمن
پیادەدەکرێت.

Muzic-Chrakan
2005